# ڕێنیسانسی پرۆسەی زانین

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەڵاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

١- ئەگەرچی کۆتایی هاتنی سەدەکانی ناوەڕاست و ڕشتنی ڕەنگی سنووری دەسەڵاتی ڕەها و سەرتاپاگیری کلێسای مەسیحی لە مێژووی کولتوور و شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا وەرچەرخانێکی کەم نموونە بووە و تا ئەو سەردەمەمان گەرموگوڕی خۆی بە یەکجارەکی لەدەست نەداوە، دوور ناڕۆین ئەگەر بڵێین سەرتاپا وێنەی جیهانی ڕابەڕانی ئاراستەی زانستی گۆڕیوە، بەڵام جیهاندیدی هزرمەند و فەیلەسووفەکانی ئەگەر سەرتاپا نەگۆڕیبێ، ئەوە لە ڕوخسار و ناوەرۆکدا خاڵی وەرچەرخانیان بووە.

ڕاستە ئەو قەوماوە لە پڕ و لە ناکاو نەبووە، بەساڵ هۆکاری ناوەکی و دەرەکی ڕێگایان بۆ خۆش کردووە، بەڵام کارەساتێکی دڵتەزێنی مرۆڤی ئەو دەسپێکەی تۆمار و بەرجەستە کردووە: زەوت کردنی شاری کولتووری یۆنانی کوستانتە نۆپڵ لەلایەن تورکی عوسمانییەوە کە دواتر ناوی ئیسلام بولی، ئینجا ئیستەنبۆلی بەسەردا بڕاوە، ساڵی ١٤٥٣ز. بەهۆی ئەو کارەساتە ناهەموارەوە هزرمەند و زانست پەروەر و لاهووتی و فەیلەسووفەکان، شارەکەیان بەجێ هێشتووە، یان ناچار بوون هەڵبێن و ڕوویان کردووەتە باشووری ئیتاڵیا و لەوێ، ئینجا لە بەشێکی ئەڵمانیا و فەڕەنسا بزووتنەوەیەکیان داهێناوە کە دواتر بە ڕێنیسانس ناوی دەرکردووە و گەوهەر و پوختەکەی «ئەگەر بشێ کورت بکرێتەوە» بریتی بووە لەوەی پشتگوێ خستنی سەرتاپای کولتوور و جیهاندیدی سەدەکانی ناوەڕاست و گەڕانەوە بۆ سەر شارستانی و کولتوور و فەلسەفەی یۆنان. وشەکە خۆی لاتینییە واتای جارێکی دی، سەرلەنوێ لە دایک بوونەوە دەبەخشێ. ئەو لە دایک بوونەوە، بەجێ هێشتنی سەدەکانی ناوەڕاست و هاتنە نێو پاوان و کایەی سەردەمی نوێ دەگەیەنی، ئەو سەردەمەی بە پشتیوانی هونەر و زانست و فەلسەفە و ئەندازە و کولتووری ئەنتیک (یۆنانی پێش بڵاوبوونەوەی مەسیحییەت)،



تۆماس هۆبز

ڕەنگی کۆشک و تەلاری ئەو شارستانییەتە ڕێژراوە کە لەو سەردەمانەدا بەروبوومەکەی دراوەتە دەست.

– ئەگەرچی لەو سەردەمەدا فەیلەسوفێکی ڕەسەن کە فەلسەفەیەکی شایستەی ڕەوشی لە ئازادبووی بەرهەم هێنابێ، ئەوە بزووتنەوە و ئاراستەکە پتر بریتی بووە لە ڕەخنەکردنی کولتووری سەدەکانی ناوەڕاست و ستایش کردنی ئازادی بیر و ڕۆڵی زانست لە ژیاندا.

٢- لەگەڵ لاوازبوونی ڕۆڵی ئایین لە ژیانی کۆمەڵگادا و سنووردارکردنی دەسەڵاتی کڵێسا، پێکهاتەی فیودالی (دەرەبەگە خاوەن موڵکەکان) بەرەو لاوازی چووە و بازرگان و پارەدارانی شارەکان بەدەرکەوتوون، ئەمەش دیاردەیەکی تری لەگەڵدا سەرئاوکەوتووە: پەیدابوون و سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەیی، لەبەرانبەر ئەمەدا زمانی نەتەوەیی لە جیاتی زمانی لاتینی کە زمانی ئینجیل و کڵێسا بووە، جێگیر بووە و بەکارهاتووە. دیارترین ئەنجامی ئەو ڕەوش و دیاردەیە وەرگێڕانی ئینجیل بووە بۆ سەر زمانی نەتەوەکانی ئەوروپا.

بازاڕ و بازرگانی و دۆزینەوەی چاپخانە و باڕووت، سەرەڕای داهێنانە زانستییەکان، بە تەکان و تەوژم ڕەوشەکەی بەرەو پێش بردووە. دابونەریتی فیوداڵەکان (دەرەبەگایەتی) بەرەو لاوازبوون چووە، لە بەرانبەردا ڕۆڵی شار و بازێڕ گرینگتر بووە.

لەو قۆناغەدا کە لە ساڵی (١٤٥٣ تا ١٦٩٠ز) درێژەی کێشاوە زانستی سروشت (فیزیک) بە هەنگاوی سەرنجڕاکێش بەرەو پێش چووە، بەڵام نەیتوانیوە بە تەواوەتی تەپوتۆزی لاهووت (سەدەکانی ناوەڕاست) و فەلسەفەی ئاوێتە بوو بە ئایدیالیستی لە خۆی بتەکێنێت، لەو سەردەمەدا فرەنسیس بیکۆن و تۆماس هۆبز و دیکارت و سپینۆزا و لایبنیتس فەیلەسووفی ڕابەر بوون و سڵیان لەوە نەکردووەتەوە بەو میتودەوە ڕێبازی زانستی سروشتی سەردەمی خۆیان بەکار بهێنن و هەندێکیان پەنایان بردووەتە بەر بیرکاری و ئەندازە. گومانیشیان لەوە نەبووە کە فەلسەفەی ئازاد و دوور لە پریشکی لاهووت و دۆگمەکانی کڵێسا لە توانایيدا هەیە بە هەنگاوی گەورە بەرەو پێش بچێ و پەردە لەسەر سروشتی دەوروبەری هەڵکەوت لابدات و بەڕاستی و ڕاستەقینە (حەقیقەت) بگات.

لەو قۆناغەی پەرەسەندنی فەلسەفەدا ئەوەندەی پێوەندی بە پرۆسەی زانینەوە هەیە، دوو بەرە بەرەو ئاراستەی ژیرەکی و ئەزموونی لەبەر یەکتری دابوون و ڕکابەری یەکتری بوون و لە یەکتری چووبوونە سەنگەرەوە، لە سەرانسەری وڵاتانی ئەوروپا کە زانستی سروشتی (فیزیک) و بیرکاری و ئەندازە پێشکەوتنی بەرچاوی پێوە دیاربووە و ئایینەکەش بە تەواوەتی سەنگەری چۆڵ نەکردووە و پاشەکشەی نەکردووە، بۆیە ڕێبازی ژیرەکی ئاراستەی بەهێز و دەست ڕۆیشتوو بووە، بە پێچەوانەوە لە دوورگەکانی بەریتانیای مەزن، ڕێبازی ئەزموونی زاڵ و بڵاو بووە. خاوەن ئەزموونەکان لەو باوەڕەدابوون کە یەکەم سەرچاوەی هەموو زانینەکان لە هەستەکان بەولاوە نییە، هاوردە و داتا هەستییەکان بەهۆی ئەزموونی تاقیکردنەوە و تێبینییەوە دەستگیر دەبن، بە پێچەوانەوە ڕێبازی ژیرەکی ڕۆڵی ئەزموون بە پلەی دووەم دادەنێ و ژیر بە سەرچاوەی زانین دەزانێ.

فرەنسیس بیکۆن ڕابەرێکی بەناوبانگی ڕێبازی ئەزموونییە و لەگەڵ تۆماس هۆبز بنەمای ئەو ڕێبازەیان جێگیر کردووە، دیکارت (١٥٩٦-١٦٥٠ز) ڕابەری ڕێبازی ژیرەکییە.

## ڕێبازی ئەزموونی

ڕێبازێکە لە ڕێبازە سەرەکییەکانی پرۆسەی زانین کە دواتر بوو بە تیوری زانین، ناوەکەی لە وشەی یۆنانی لاتینی ئیمپێری Emprie وەرگیراوە کە واتای ئەزموون و تاقیکردنەوە دەبەخشێ و بەهەستەکان و تێبینی و شارەزایی پشت ئەستوور و بەلایەوە شتێک لە مێشکدا نییە ئەگەر پێشتر بە هەستێک لە هەستەکاندا تێپەڕ نەبووبێ، ئەزموون، تاقیکردنەوە، شارەزایی هەستەکی بە تاکە سەرچاوەی دڵنیایی لێکراوی زانین دادەنێ.

لە چوارچێوەی ئەو ڕێبازە ئەزموونییەدا، ئەوەندەی پەیوەندی بە بابەتی زانینەوە هەیە، ئاراستەی جیاواز و هەمەجۆر بەرچاو دەکەون و ئەنجامی جیاوازیان لێ کەوتووەتەوە، بەڵام شارەزایی هەستەکی و ئەزموون لە بەرانبەر هێزی ژیردا بەیەکەوە، لە بەرەیەکدا پێکەوە کۆکردوونەتەوە و کۆیان دەکاتەوە.

لە چوارچێوەی فەلسەفە بەگشتی و لە ئۆنتۆلۆجیدا بە تایبەتی بەلای ئاراستەی مەتریالیستیدا تەکانیان داوە، کۆشاون سنووری زانینی مرۆڤ، ڕادە و هێزەکانی تێگەیشتنی دیار و دەستنیشان بکەن، لەو کۆششە چەند ئەنجامێکی گرینگ کەوتووەتەوە وەک:

– دیار و دەستنیشان کردنی ئەو بابەتانەی کە دەبێ فەلسەفە بیانکات بە کەرەستەی توێژینەوە وەک:

ڕەب، مرۆڤ، سروشت!

ئیتر لەو ڕەنگرێژکردنەی سنووری تێگەیشتنی مرۆڤ و پاوانی فەلسەفەدا، بەپێی ڕێبازی ئەزموونی بابەتی ڕەب بەلاهووت سپێردراوە، سروشتیش بە زانستی فیزیک و ئەوی ماوەتەوە وەک موڵک و پاوانی فەلسەفە بەگشتی و پرۆسەی زانین بە تایبەتی مرۆڤ خۆی بووە، بەڵام ئەو توێژینەوەیەی مرۆڤ و توانایی زانینی، بەپێی پەرەسەندنی ڕەوشی زانست و زانینی ئەو سەردەمە، نەیتوانیوە فەلسەفەی بێگەرد بێ، بەڵکو بابەتەکە سێ لقی تێکەڵ یەکتری کردووە تا لۆک دەرکەوت و پرۆسەی زانینی کرد بە تیوری زانین.

توێژینەوەکانی ئەو سەردەمە لە کایەی زانیندا، فەلسەفە و دەروونزانی (سایکۆلۆجی) و فیزیۆلۆجی (زانستی ئەندامی لەش) تێکەڵی یەکتری کراون، بۆ نموونە پەیوەندی نێوان بیر و بوون(١) تارادەیەک پشکی شێری بەرکەوتووە، بەڵام میتافیزیک لە چوارچێوەی توێژینەوەدا بووە بە کەرەستەی ڕەخنە لێ گرتن و هەوڵدراوە بابەتی ساغ کردنەوەی بوونی ڕەب لە چوارچێوەی فەلسەفە بچێتە دەرەوە، بوون و نابوونی جیهانی دەوروبەر ئەگەر کرابێ بە پشکێک و بەر پرۆسەی زانین کەوتبێ، لە چوارچێوەی تیوری (پرۆسەی) زانیندا گومان لە بوونی نەکراوە، بەڵام هیچی تر نەکراوە بە ئامراز و کەرەستەیەک بوونی بوونەوەرێکی ترانسندێنتالی سنووری سروشت بەزێنی دەسەڵات و خواست ڕەهای پێ ساغ و پشتڕاست بکرێتەوە، بەڵکو کراوە بە بابەتی توێژینەوە- پشت ئەستوور و بە پشتیوانی زانستی سروشت- بە مەبەستی پتر کۆنترۆڵکردنی، دوایی بە تەواوەتی زانین و ئاشکراکردنی نهێنییەکانی، بە مەبەستی خۆشگوزەرانی مرۆڤ و بەکارهێنانی لەپێناوی بەختەوەری هاووڵاتیان. سروشت و مادده هیچی تر سەرچاوەی بەدکاری نەماون و نەخوازراوە، هیچی تر مرۆڤ خۆی لێیان بەدوور بگرێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە بوون بە سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی وزە و سەرچاوەی ژیان و خۆشبەختی خەڵک.

ئەگەر ئەزموون- تاقیکردنەوە سەرچاوەی زانین بێ و ئەزموونەکە پابەند و ملکەچی ژێر نەبێ و دان بە بوون و هەبوونی بیروبۆچوونی زگماکی لە ناخی مرۆڤدا نەنرێت، تا چەند ئەو زانینەی بەو ڕێگا و ڕێباز و میتودەیە دەستگیر دەبێ، ڕاست و ڕاستەقینەیە و دەرفەتی هیچ ئەگەر و گومانێک نادا؟ ئینجا ڕاستی خۆی لەخۆیدا چییە؟ ئایا پێوەرێک هەیە بتوانرێ بە هۆیەوە ئەو خەسڵەتی ڕاستییە بەو بابەتە ببەخشێ، یان لێی زەوت بکات؟ بەپێی ڕێبازی ئەزموونی ئەو سەردەمە بیرۆکەیەک، بۆچوونێک هەڵکەوتێک، فاکتێک، ڕاست دەبێ ئەگەر لەگەڵ ئەو ڕەوشەی بەرجەستەی کردووە، بگونجێ و بێتەوە. ڕاستی ئەوەیە، بەپێی ئەو ئاراستەیە کە زانین لەگەڵ بابەتەکەیدا کەرەستەکەی بووە و لێوەی پەیدا بووە و بەرجەستەی دەکات، بگونجێ و تەبابێ و بێتەوە(٢).

پشت ئەستوور بەوەی کە گوترا، دەکرێ ئەو ئەنجامە بکەوێتەوە و دڵنیایی لێ بکرێ کە ئەگەر زانینێک لە خۆیدا ناکۆکی تێدا نەبوو، ڕاستودروست دەبێ؟! ئەگەر وەڵامەکە نا و ناڕێ بێ، ئەوە بێ سێ و دوو لێ کردن کە زانینێک لەخۆیدا ناکۆک بوو، هەڵە و چەوتە، هەموو ئەزموونێک ئەو ڕەوشە ساغە و دەسەلمێنێ، ئەو پرسیارەی لە کایەی ئەو بۆچوون و بڕیاردانە لە بارەی ڕاستی و ناڕاستی دێتە بەردەم ئەوەیە: ئایا مەبەست لە ڕاستی و چەوتی هاوردە تێبینی هەستەکییە، یان هی شارەزایی و ئەزموون و تاقیکردنەوەیە؟! دەکرێ ڕاستی و ناڕاستی تەنیا هەر قەدەغە و پاوانی کایەی زانینی ئیمپیری- ئەزموونی بن؟! بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە، ئەگەر سنووری پرۆسەی زانین ببەزێنرێ و پەنا بۆ لۆجیک ببرێ، بە تایبەتی پشت بە بنەمای ناکۆکی ببەسترێ، ناکرێ بڕیارێکی لەبار و دڵنیایی لێکراو لە چوارچێوەی ئەو وەڵامدانەوانەوە بدرێ، کێشەکە بە هەر لایەکدا تاووتو بکرێ لەو ڕاستییە کاڵ نابێتەوە کە بابەتەکانی دەوروبەر سەرچاوەی زانین و ئەو کەرەستانەش دوای پەتی کردنی و وێناکردنیان تەنیا هەر بەهۆ و لە ڕێگای هەستەکانەوە دەستگیر دەبن و گونجان و تەبایی ئەو بۆچوونانەی لێرەدا ڕۆدەنرێن و ڕەنگرێژ دەکرێن لەگەڵ بابەتەکانیان ئەگەر ڕاستی نەبن، دەبێ ڕاستی چی بێ؟

هیچ گومان لەوە ناکرێ کە زانین لە وێنە و لەبەر گێڕاوەی (کۆپی) ئەکتیڤ و چالاکی بابەتەکانی دەوروبەر لە بیر و ناخدا بەولاوە نییە، پێکەوە هاتنەوە و تەبایی و گونجانی زانین (ئەو وێنە لەبەرگیراوانە) و بابەتی دەوروبەر بەولاوە پێوەرێکی دیکەی ڕاستی و ناڕاستی لە ئارادا نییە، ئەگەر زانینەکە بە بیروبۆچوونەوە لەگەڵ کەرەستە و بابەتی دەوروبەرەوە کە لێوەیان پەیدا بووە، وەک یەک و تەبا و گونجاو بوو، ڕاستودروستە، ئەگینا بە پێچەوانەوە هەڵە و چەوتە، کەوابوو زانین لە هزر و ناخدا ئاوێنەیەکە وێنەی بابەتی هەڵکەوتی دەوروبەری تێدا ڕەنگرێژ دەکرێ.

## ڕێبازی ژیرەکی

ئەگەر سروش (وەحی) سەرچاوەی ڕاستی و ڕاستەقینەکانی ئایین و باوەڕ و ئیمان بێ و ئەزموون ئەو ڕێگایە بێ کە دەستەبەری زانینی ژیانی ڕۆژانە بێت، چ بۆ ژیر دەمێنێتەوە؟ دەبێ ژیر لەو کایەیەدا بتوانێ چی بکات و چ ئەرکێکی کەوتووەتە ئەستۆ؟!

ژیرەکی بەرانبەر بە وشەی لاتینی Rationalismus ئاماژەیە بۆ ڕێبازێک کە ژیر بە تاکە ڕێگای زانینی گومان هەڵنەگری ڕاست و ڕاستەقینە دادەنێ، ئەو جیهاندیدە بە پێچەوانەی ڕێبازی ئەزموونییەوە، گومان لە شایستەیی تێبینی هەستەکی و تاقیکردنەوە دەکات کە ڕێگای دروستی بەدەست هێنانی زانینی ڕاستەقینە بن.

ئەو پرسیارەی لێرەدا بەبیردا دێت: ئایا ئەو دوو ڕێبازە: ئەزموونی و ژیرەکی ڕکابەری یەکترین، یان یەکتری تەواو دەکەن؟ ئەگەر مرۆڤ وا سەرنجی ئەو دوو هێزەی زانین بدات کە هەریەکە لەلای خۆیەوە تایبەتمەندی و ئەرک و سروشتی خۆی هەیە و لەوی تر جیایە، ئەوە لەلایەکەی ترەوە بە مەبەستی توێژینەوەو پەتی کردن نەبێ، ناکرێ ئەو دوو هێزە ئامرازە لە یەکتری دابڕێنرێن و جیا بکرێنەوە، دەبێ ئەزموون بەبێ چالاکی و کارایی ژیر چاوەڕێی چی لێ بکرێ؟ ئینجا ژیر بەبێ ئەزموون و چالاکی تاقیکردنەوەکانی ژیانی ڕۆژانە و هاوردە و داتاکانی هەستەکان، چی لە دەست بێت؟!

وەک سەرچاوەی هەڵهێنجانی زانینی ڕاستەقینە بەخشینی پلەی یەکەم لەچاو شارەزایی و ئەزموون ڕێبازی ژیرەکی لە ئەزموونی جیا دەکاتەوە(٣). جگە لەوەی ڕێبازی ژیرەکی ئاراستەیەکی پرۆسەی زانینە و خۆی میتودەیەکی جیهاندیدییە لە سەدەی حەڤدە و هەژدەدا ئاماژە بووە بۆ ئەو بیرمەندە هزر ئازادانەی کە ڕکابەری دۆگم و ئایین و کڵێسای مەسیحیان کردووە و کۆشاون بابەتی سەرووسروشتی بە هەموو لایەنەکانییەوە لە کایە و پاوانی توێژینەوەی فەلسەفە و زانستدا جێگای نەکەنەوە و دووری بخەنەوە، باوەڕی تەواویان بە توانایییەکانی ژیر و بەڵگە و سەلمێنەکانی هەبووە کە ڕێگای ڕاستی گەیشتنە زانینی ڕاستییە و هیچ ئامراز و هێزێکی دیکە بە سەرووسروشتی و سروشتییەوە ناتوانێ جێگای بگرێتەوە، هەر ژیرە کە لەنێو هەمەڕەنگی و بێ سەروبەری دیاردەکانی ژیان و دەوروبەردا بوونی نەزم و ڕێکوپێکی و قانوون و یەکڕەنگی دووپات و پشتڕاست دەکاتەوە.

– ڕێبازی ژیرەکی خۆی لە بنچوبناواندا داهێنانێکی بیرمەند و فەیلەسووف و زانایانی سروشتی سەدەی حەڤدەیە، بۆیە بە تەواوەتی نەیتوانیوە تەپوتۆزی لاهووتی و بۆ ماوەیی سەدەکانی پێشتر لەخۆی بتەکێنێ، بەڵام پەرەسەندنی سەرنجڕاکێشی بیرکاری و بەکارهێنانی وەک میتودە لە زانستە ئەزموونییەکاندا، بە تایبەتی لە فیزیکدا لەو پرۆسەیەی هەر لە سەردەمی گالیلۆ تا نیوتن بە پرۆسەی بەبیرکاری کردنی فیزیک ناوبراوە و بەلای ڕابەرانی ڕێبازی ژیرەکییەوە پەسند بووە و سوودیان لێ وەرگرتووە، بە تایبەتی ئەو ئەنجامە گومان هەڵنەگرانەی لە پرۆسە و هاوکێشەکانی بیرکاری دەکەوێتەوە و خەڵکی سەردەمی خۆی سەرسام کردووە و حەپەساندوونی.

– ئەگەر هزرمەندی ژیرەکی بەچاوی پلەی دوو سەرنجی تاقیکردنەوە – ئەزموون و تێبینی هەستەکی بدات، دەبێ چۆن ڕۆڵی هۆشیاری و مێشک و تێگەیشتن (فام) هەڵبسەنگێنێ؟!

ئەگەر ژیر لەو کایەیەدا بکرێ بە سەرپشک و بڕیاربدات پشت بەچی دەبەستێ؟ باشە ئەگەر ڕەخنە لەو بڕیارەی ژیر بگیرێ، چ هێزێک ئەو کارە دەکات؟ دەکرێ ژیر خۆی لە یەک کاتدا ڕەخنەگر و ڕەخنەلێگیراو بێ؟ ئەو پرسیارە و ئەو وەڵامەی بیدرێتەوە ئەوپەڕی گرینگن، بەڵام سنووری ئەو قۆناغەی پرۆسەی زانین دەبەزێنن و دەکرێ وەڵامەکەی لە قۆناغێکی تری ئەو پرۆسەیەدا بدرێتەوە.

– لایەنگیرانی ڕێبازی ژیرەکی بە هەموو ئاراستەکانیانەوە، لە چوارچێوەی پرۆسەی زانیندا پێ لەسەر دوو خاڵ دادەگرن و دەستبەرداریان نابن:

**یەکەم:** هەبوونی بیروبۆچوونی پێشییانە و بنەمای زگماکی لە ناخی دەروون و مێشکی مرۆڤدا.

**دووەم:** لە هەموو زانینێکی ڕاستودروستدا کە دەرفەتی هیچ سڵ و پارێز و ئەگەر و گومان و دوودڵییەک نەدات،

له هه‌مـوو بڕیارێکی ڕاسـتـدا ده‌بێ په‌نا بۆ ژێر ببـردرێ و پشت به‌ پێوه‌ر و بنه‌ماكانی چالاكی ژێر ببه‌سترێ.

ئه‌و دوو خـالّه‌ ئه‌گـه‌رچی به‌ ئاشكرا ئاگـر له‌ پاوانی ڕێبازی ئه‌زموونی به‌رده‌دات و له‌ ڕۆڵ گێڕانی سه‌ره‌كی بێ به‌شی ده‌كـات، كـه‌چی له‌لایه‌كی دیكه‌وه‌ ده‌رگـا له‌به‌رده‌م هاتنی لۆجیك و بنه‌مـاكانی ده‌خاته‌ سـه‌رپشت، به‌ڵام چ لۆجیكێك؟!

ده‌رباره‌ی بۆچوونه‌ ژیره‌كـیـیـه‌كـان له‌ باره‌ی هه‌بوونی بیرۆكه‌ی زگماك و پێشییانه‌ apriori، ئه‌و بیرۆكانه‌ی پێش و به‌بێ تێبـینی هه‌سـتـه‌كی و ئه‌زموونی ده‌زانرێن، خـاوه‌ن ئه‌زمـوونه‌كـان له‌و باوه‌ڕه‌دان ئه‌و جـۆره‌ بیـر و بنه‌مـایانه‌ زانینیـان لێ پێك نایه‌ت، چونكه‌ له‌خۆیاندا هه‌مـانگۆیین و شـتی نوێ ناده‌نه‌ ده‌ست وه‌ك ئه‌و بیرۆكه‌یه‌ی له‌و ده‌سته‌واژه‌یه‌دا هاتووه‌:

– قوله‌ڕه‌شه‌كان ڕه‌شن.

خه‌سڵه‌تی ڕه‌ش هه‌ر له‌سـه‌ره‌تاوه‌ له‌ قوله‌ڕه‌شدا هه‌یه‌، به‌رانبه‌ر به‌و ده‌سته‌واژه‌یه‌ به‌ زمانی ئینگلیزی

Negros are black

به‌لای ژیره‌كییه‌كانه‌وه‌ بیرۆكه‌ پێشییانه‌كان ته‌نیا هه‌ر هه‌مـانگۆیی نین، به‌ڵكو مـرۆڤ ده‌توانێ به‌ تیـشك و ڕووناكی ژیر، دوور له‌ تاقـیكردنه‌وه‌ و ئه‌زمـوونه‌وه‌، چه‌ندان ڕاستی (حه‌قیقه‌تی) گرینگ و بنه‌ڕه‌تی ده‌رباره‌ی هه‌ڵكه‌وت و ده‌وروبه‌ر و سـروشـتی مـێشكی مـرۆڤ و گـه‌ردوون(٤) بزانێ. ئه‌و توانـاییـه‌ی ژیر له‌ خـۆیدا پێشـییـانه‌یه‌ و په‌كی له‌سـه‌ر ئه‌زمـوون و تاقیـكردنه‌وه‌ و تێبینی هه‌سته‌كی نه‌كه‌وتووه‌.

– بابه‌تێك كه‌ خـه‌سڵـه‌تی سـه‌ره‌كی ڕێبـازی ژیره‌كی دووپات ده‌كـاته‌وه‌ هه‌ڵوێسـتیـه‌تی به‌رانبـه‌ر به‌ڕاسـتی و ڕاسته‌قینه‌.

به‌لای ڕابه‌رانی ئه‌م ڕێبازه‌وه‌، فـه‌لسـه‌فـه‌ و زانست له‌و باره‌یه‌وه‌ ڕایده‌گه‌یه‌نن كه‌ «ده‌بێ هه‌ڵكه‌وت پێویسـته‌ چۆن بێ» و «ناكرێ وانه‌بێ و به‌جۆرێكی دیكه‌ بێت»، ئه‌مه‌ش پێداگرتنه‌ له‌سـه‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ ڕێبـازی ژیره‌كی ئه‌و ئۆباڵ و ئه‌ركـه‌ی كـه‌وتووه‌ته‌ ئه‌سـتـۆ و سـه‌رشـان، په‌رده‌ له‌سـه‌ر ڕاسـتـیـیـه‌ ناچارییـه‌كـانی سـروشـتی گـه‌وهه‌ری و ڕاسـتـه‌قـینه‌ی هه‌ڵكه‌وت لابدات، ئه‌مـه‌ش زانینێكی تێروته‌سه‌ل ده‌رباره‌ی جیهانی ده‌وروبه‌ر ده‌سته‌به‌ر ده‌بێ و دابینی ده‌كـات، ئه‌و بۆچوونه‌ی ڕێبـازی ژیره‌كی كـێـچی خـسـتووه‌ته‌ كـه‌وڵی ئه‌زمـوونیـیـه‌ (ئیـمـپـرییـه‌كـان) و سه‌خڵه‌ت و ناڕه‌حه‌تی كردوون، ئه‌وان گومان له‌وه‌ ده‌كه‌ن كـه‌ «ڕاسـتی ناچاریی» شـتـێك ده‌رباره‌ی هه‌ڵكه‌وت (ده‌وروبه‌ر) بداته‌ ده‌ست و زانین دابین بكات. به‌ باوه‌ڕی ئیمپرییه‌كان له‌ دوولاوه‌، له‌ باره‌ی پێشییانه‌و ناچارییه‌وه‌ بڕیاره‌كه‌ بڕ ناكات:

– ئه‌گـه‌ر بابه‌ته‌كه‌ پێشـیـیـانه‌ بێ apriori ده‌پرسرێ: پێشییانه‌ به‌ چ واتایه‌ك، به‌و واتایه‌ی له‌پێش ئه‌زموون و شـاره‌زاییـه‌وه‌ بێت، له‌ پێـشـه‌وه‌ هاتـن له‌و كـایه‌یه‌دا دوو جۆری هه‌یه‌:

– یه‌كێكیان به‌كات له‌ پێش ئه‌وی دیكه‌وه‌ بێت.

– یان له‌ پێـشه‌وه‌ هاتنه‌كـه‌ لۆجیكی بێ، هه‌ردووكـیـان ناكـرێ به‌ هیچ بنه‌مـایه‌ك پشـتـڕاست بكرێنه‌وه‌. لێـره‌وه‌ ئیـمـپـرییـه‌كـان له‌و باوه‌ڕه‌دان كـه‌ بۆچوونی ژیرییـه‌كـان ده‌رباره‌ی ڕاسـتی ناچاریی ده‌رباره‌ی هه‌ڵكه‌وت چه‌وته‌ و ساغ ناكرێته‌وه‌ چونكه‌:

ناچاریی ته‌نیـا بۆچوون و چه‌مكێكه‌ له‌ مـێشكی (٥) مرۆڤدا هه‌یه‌ و له‌ سروشت و ده‌وروبه‌ردا بوونی نییه‌، به‌و پێـیـه‌ ئه‌و ڕاسـتـیـیـه‌ ناچارییـه‌ كـه‌ به‌هۆی ڕسـتـه‌ و ده‌سـتـه‌واژه‌وه‌ ده‌رده‌بڕدرێ، سروشت و خـه‌سڵـه‌ته‌كه‌ی له‌و چه‌مـك و وشـانه‌وه‌ بێ ده‌بڕێ كـه‌ تێـیـاندا دێت و ده‌ری ده‌بڕن، بۆیه‌ ئه‌و جـۆره‌ ڕاسـتـیـیـانه‌ ڕوخسـاره‌كین و هیچ شتێك له‌ باره‌ی ده‌وروبه‌ر (جیهان) ناده‌نه‌ ده‌ست و نابنه‌ مـایه‌ی فـراوانكردنی زانین و زانیـاری مـرۆڤ، به‌پێچه‌وانه‌شه‌وه‌ ئه‌و ده‌سته‌واژانه‌ی ناوه‌رۆكێكی ڕاست و ڕیالیستیان هه‌یه‌ و شت ده‌ڵێن و زانیارییان تێدایه‌، هیچ كـاتێك ناچاریی نین، به‌ڵكو خـه‌سڵـه‌تی ڕێتـێـچوونیـان هه‌یه‌.

**سه‌رچاوه‌ و په‌راوێز:**


**1- Erst Cassirer: Das Erkenntnis Problem in der Philosophie und Wissenschaft. 1.Bd. In: Gesammelte Werke. Hamburger Ausgabe Meiner 1999. S.294. .ff.**

**2- Gerold Prauss:. Einfuhrung in die Erkenntnistheorie. Wb. Darmstadt. 1980. S.30. ff.**

**3- Gottfried Gabriel:- Grundprobleme der Erkentitnistheorie 3.Auflage. UTB. 2008. S.29.ff.**

**٤- جون گوتنغهام: العقلانية، ترجمة: محمود منقذ الهاشمي، حلب ١٩٩٧، ص١٧ فما بعد.**

**5- David Hume: Traktat Uber die menschliche Natur. 1.Teil Felix Meiner. Hamburf 1989. S.117. ff.**